

# ئەوە ئێمەین دیسان خودا

ئیسماعیل خورماڵی
2005

زەردەپەڕە و تێر خوڕەمی مەرگە خودا
زەردەپەڕە و تێر قەتاری بەور و دەنگە خودا
زەردەپەڕە و تێر سەفەری  خونچە و ڕەنگە خودا
زەردەپەڕە و بژنەوە تۆ
تۆ بە کۆچی ئەو گوڵە کاکۆڵ سوورانە
بە قەتاری شۆڕەوە بووی پشت پرووشە
بەجاڕی خونچە و پەروانە تێ مەکەوە
بژنەوە تۆ
ئەوە ئێمەین دیسان خودا ،
بە دیار تابووتی بەهار و باو گژەوە
بەدیار خۆسووتانی پەڵگەکانەوەدەسوتێن!
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
لەداخ و ڕکی مردنان
وەک خونچەییان لە باخ بڕوا
لەکاڵبوونەوەی ووڵاتدا

ڕەنگ لە کلکە دێنینەوە !
لە ووشکایی جۆگەکاندا ،
ماسی و ئاو بە نیشتیماندا دەکەینەوە !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
زریکەمان چەپک ،
پێکەنینمان چەپک ،
دووکەڵومان چەپک !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
دڵمان باخچەی ئاگری سوور ،
ڕۆحمان کزەی دەشتی پرسە و
هەناسەشمان هەرعیتابی یەئس و گوناه !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
بەدیار پیربوونی نیشتیمانەوە دەگرین
بەدیار تارمایی پایزە خوێنەوە  هەڵدەترووشکێن
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
چەقە دوکەڵی پرسەمان لێ نابڕێ و
چاوی چەقۆ لە چاوی دڵمان نابڕێ و
سایەی مەرگ لەسایەمان دانابڕێ !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
پڕین لەژاوەژاوی تەنیایی یەکتر
پڕین لەهەناری داوەریوی مەرگی یەکتر
پڕین لە پووش و پلاشی حوزن !
پڕین لە دۆزەخی دنیایی تۆ
لە پەلکەزێڕینەی مەکر و

لە ئاگری تەنووری تۆ !

ئەوە ئێمەین خودا ، لەتەک نیشتیماندا

لەژمارەی پرسەکاندا سەرمان لێ دەشێوێ و

لەژمارەی ماڵئاوایی کۆترەکاندا

لەکووشتنی چەقۆکاندا سەرمان لێ دەشێوێ !

ئەوە ئێمەین دیسان خودا

لەسێبەری ئەم مەرگەوە

بۆ سێبەری ئەو مەرگمان هەڵدەفڕین و نایەینەوە !

لەگوێ ئاوی ئەم حووزن و ئەو حووزنماندا

دەبین بەماسی و قوڵایی

لەخۆمان هەڵدەپێچین و

نایەینەوە !

ئاخەر خودا بەردی عیتاب

بۆ بگرنە پەنجەرەمان

ماسیمان بۆ ،

بۆ بە قەوزە بخنکێنن

کە ئێمە ووچانێکمان بۆ نەبوو

بۆن بە ڕیحانەی پیری وولاتەوە بکەین

چاوێ بە ژووانی لاولاو و پەنجەرەکاندا هەڵخەین

ئەو پەنجەرانەی پڕ پڕبوون لە مەکری سێبەر و جوانی

ئەو پەنجەرانەی پڕپڕبوون لەعەتری کتێب و جوانی !

ئاخەر خودا بەردی عیتاب

بۆ بگرنە پەنجەرەمان

کە ئێمە ووچانێکمان بۆ نەبوو

لە ئێوارە مەرگی کۆترەکاندا
ناوباخەڵی دار سێوەکان ، بە سێو پڕکەینەوە
کۆڵانەکان بە گۆیژی قیژەی منداڵ
بەرۆک بە شەمامە و
ڕەوەز بە گێژەڵووکەی مەکر باز !
ئاخەر خودا بێ چارەیی چۆن نەسووتێ
ووچانێ بۆ ئێمە نەلوا
لە لافاوی نوور بڕوانین
لە ئاوی دڵدار و لە ئاگری دڵدار
لەلافاوی ئەو دەنگانەی
هەر بەکۆڵی خۆشەویستی ،
بۆ ڕەوەزی دوور و بە ئاستەنگ
هەم نوور و هەم ڕۆشناییان دەبرد !
جەخار خودا ، ووچانێ هەر ووچانێ چۆن نەلوا
چۆڕی لە شەرابی پەژمووردەیی وڵات فڕکەین
تاوێ فڕین بە پایزی ووڵات بەخشین
ڕۆژێ ، لە نێوان ئاو و ئاگردا
نامەبەری بەور و ئاگر بین !
داخمان ناچێ خودا
تاوێ نەلوا
وەکوو دیلان
لەدووکەڵی گۆرانییەکی بە سووتەندا
لەگەرد و تۆزی نیشتیمان بەسەر داکەین !
هەتا دوا جار بە خۆمان و نیشتیمان و خوداش بڵێن

(کە کەوتەڕێ هەوری پەڵە )*

وولات بوو بە بووکی پایز
بوو بە چەرداخی خەمی ئاڵ !
کەکەوتە ڕێ هەوری پەڵە
هەر قاشی دڵنیایی بوو
بە سماقی کۆستێکەوە دەخورا !
ئەوە ئێمەین ئێستەش خودا
سەرو قژی ئەم بڕک و ئەو بڕکی سەرمان
پڕبوووە لە دۆوکەی زەردەڵ
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
هەناری ئەم باغ و هەناری ئەو باخمان
پڕبوووە لە چڵی ووشکەڵ !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
وەک کەنیشکی باخەوانێ
پەروەردە بەنازی نسرم و سێبەران
بە دیار شەقبوونی هەنارێکەوە ڕادەمێنین
بەدیار وڕکی هەرمێیەکی گرۆزەوە ڕادەمێنین
بەدیار بێدەنگی گوێزێکی قەرسیلەوە
بەدیار سیحری شیلانەیەکی زەردەوە
قۆخێکی نیوە تووکن و
بۆڵە ترێیەکی تاریکەوە ڕادەمێنین !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
وەک پەروانەی سوبحێ ڕۆشن
بە دیار پیربوونی مێخەکێکەوە بە پیر دەڕۆین !

وەک تەیری سپیدە باخان
بەدیار لاڵبوونی نیشتیمانەوە
بەلای لاڵیدا دەڕۆین و دەمی دەنگمان هەڵدەدورین !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
وەک پیری ئاخەر هەتاوبین
بەدیار کۆکەی کوچەکانەوە دەکۆکین
بەدیار
دنیا دیەیی سپی دارەکانەوە هەڵدەترووشکێن
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
لە ئێوارە مەرگی کۆترەکاندا
لەڕەهێڵەی حووزنا
لەخوێنی دڵ
چەترێ ،
کۆلارەیەک لە باران و
کوکوختییەک لەباخەکانی ناو سەقەر هەڵدەفڕێنین
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
وەک کەروێشکی هەڵاژاوی ناو باخەکانی گوناه سرتە بڕاو
بەنیشتیمانێ دڵەوە ، بەدڵێکی سوور ڕا ناگەین
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
بەخەرمەنی دۆزەخەوە
بەکۆشی ژنێکی گەرم و
بەسێوی ژنێکی ئاڵ و
بەهەڵاژانی
ژنێکی بۆن خۆش ناگەین !

ئەوە ئێمەین دیسان خودا
لە بازاڕی خاسە بادا
گوولەکانی وولات ،
بەڕەکانی مزگەوت ،
پەڕەکانی مێژوو ،
ماڵە مەڕمەڕییەکانی خوێن
سوعبەت نامەی باغ و
سوعبەت نامەی شەهید هەڕاج دەکەین !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
وەک منالی ناو منالی
لەناو سینیەکی پڕلە ئاردا
لە شرووبی چاوانی ئەم مەملەکەتە دەفرۆشین !
لەتەک دێمە ترۆزیدا
خەون ومێژوو بە سماقەوە دەفرۆشین !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
بە پاڵ سنووقی بۆیاغ و
بەپاڵ ئێوارەی برسیمانەوە
لەفەنەری دیوانەکاندا
بە پاڵ سێوەری مەلا حەمدوون وقانع دەوە
پاقلەی تەڕ و
نااووکە شووتی سەرگەردانیمان دەفرۆشین !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
لەتاو بۆڵەی قەڵەمەکان
گوێمان بە حەوت لۆکە دەگرین

بەدیار چاوی ڕۆژنامە فشۆڵەکانەوە
ئێرە بە ئەوێوە گرێ دەدەین
ئەوێی قەعقاع و گۆڕخانە
ئەوێ ی ئەنفال و بیابان
ئەوێ ی جەلاد و پیاو کوژان
ئەوێ ی قوم و ئەوێ ی لم و ئەوێ ی ئاین !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
لەترۆپکی ئەو هەموو خوێنەوە
بە خەنجەرێ دڵی وولات پەل پەل دەکەین !
بەزریکەی مناڵ ئاسای مناڵێوە
لەسەر دڵی وولاتی سوور
خەتخەتێنی مەرگ دەکەین !
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
ماسی بەهار
بەقولاپی پایزێ ڕاو دەکەین
ئەوە ئێمەین دیسان خودا
گوڵ بە ئاگر دەناسێنین !

پایزی/2005/ئەڵمانیا